# فەزڵی قورئان لە قورئاندا

[ كردي – کوردی – kurdish ]

موحەممەد بیلال

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# فضل القرآن الكريم من آيات القرآن الكريم

« باللغة الكردية »

محمد بلال

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# فەزڵی قورئان لە قورئاندا

**ئەم قورئانە شک و گومانی تێدا نیە ڕێگا نیشاندەر:**

﴿ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ﴾[سورەتی البقرة ئایەتی2]

خوای پەروەردگار دەفەرموویێ: (ئەم (پەرتوک)، (نێراو)ە هیچ شک و گومان و ناڕێکی یەکی تێدا نی یە، ڕێگا نیشاندەر و ڕەوشەنکەرەوەیە بۆ (موتەقی)یەکان (پارێزکاران).

**ئەم قورئانە لە پەروەردگارەوەیە بە هیچ شێوەیەک دروست کراو نیە :**

﴿أَفَلاَ يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ اللّهِ لَـوَجَدُواْ فِيهِ اخْتِلاَفاً كَثِيراً﴾ [سورەتی النساء : ئایەتی82]

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ :(ئایا ئەوانە سەرنجی قورئان نادەن و لێی وورد نابنەوە ؟ خۆ ئەگەر لەلایەن کەسێکەوە دروستکرا، ئەوا ناڕێکی و کەم وکوڕی زۆری تێدا دەدۆزرایەوە).

**بێ دەنگی و ئارامی لە کاتی قورئان خوێندن دا یان لە کاتی گوێگرتن لەقورئانی :**

مەبەست لێرە دا لە بێ دەنگی و گوێگرتن ئەوەیە کە بەسەرنج و تێگەیشتنەوە دابنیشت و ملکەچی و گوێڕ ایەڵی خۆت نیشان بدەی بۆ فەرموودەکانی پەروەردگار هەر وەک چۆن پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز دا فەرمانمان پێ دەکات و ئەفەرمووێ :

﴿وَإِذَا قُرِئَ الْقُرْآنُ فَاسْتَمِعُواْ لَهُ وَأَنصِتُواْ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ﴾ [سورەتی الأعراف: ئایەتی204]

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ: ( کاتێ کە گوێتان لەقورئانی پیرۆز دەبێ گوێی لێ گرن و بێ دەنگی و ئارامی بنوێنن و ملکەچی خۆتان نیشان بدەن هەتا خوای گەورە ڕەحمتان پێ بکا و بەزەی بێتەوە پیاتان).

**بەرزی وبڵندی قورئان و چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز:**

﴿وَلَقَدْ آتَيْنَاكَ سَبْعاً مِّنَ الْمَثَانِي وَالْقُرْآنَ الْعَظِيمَ﴾[سورەتی الحجر: ئایەتی87]

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ :(ئەی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)، ئێمە حەوت ئئایەتی گەورەمان پێ بەخشیت (کە سورەتی فاتحە ) ئەکات وە لەگەڵ قورئانی پیرۆز و مەزن ).

**ئەم قورئانە موژدەدەر و ڕێگا ڕۆشنکەرەوەیە:**

﴿إِنَّ هَـذَا الْقُرْآنَ يِهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْراً كَبِيراً﴾ [سورەتـی الإسراء : ئـایـەتـی9]

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ :(بەڕاستـی ئـەم قورئـانـە هیدیایـەت بـەخشە بۆ چاکترین ڕێگە و ڕێبازو بـەرنـامـە، مژدەیش دەدات بـەو ئیماندارانـەی کـە کارو کردەوەی چاکـە دەکـەن کـە پاداشتـی زۆر و بـێ سنوور چاوەڕێیانـە).

**قورئـانـی پیرۆز ڕوونـاک و ڕێگا ڕۆشـەنکـەرەوەی بۆ ئـادەمیزادان:**

﴿أَوَ مَن كَانَ مَيْتاً فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُوراً يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ [سور ەتـی الأنعام: ئـایـەتـی122].

خوای پەروەردگار دەفـەرمووێ: (ئـایا ئـەو کـەسەی کـە (وەک مردوو وابوو ، ئـێمـە زیندوومان کردەوە (بـە نوری ئـیمان و قورئـان) وە نوور و ڕوونـاکیـەکمان پـێ بـەخشی کـە لـە ژیانـی دا لـە نـاو خـەڵکی پـێی دەڕواو هـەڵسووکـەوتـی پـێ دەکات (هـاندەرێتـی بۆ هـەموو چاکـەیـەک، وە دەیگێڕێتـەوە لـە هـەموو خراپـەیـەک)، (ئـایا ئـەو کـەسە) وەکو ئـەوە وئـایـەتـی کـە لـە تـاریکستـانـدا گیری خواردبێت و سـەری لـێ دەرنـەکات، (لـەگـەڵ ئـەوەشدا) ئـا بـەو شێوەیـە (کـە دەبینرێت) کاروکردەوەی

(ناپەسەندی) بێ باوەڕان بۆیان رازێنراوەتەوەو (دڵیان پێی خۆشە).

**ئەم قورئانە پیرۆزە لە مانگێکی پیرۆز هاتۆتە خوارێ کە جیاکەرەوەی حەق و نا حەقە :**

﴿شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِىَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ ﴾
[سورەتی البقره: ئایەتی185]

خوای پەروەردگار دەفەرمووێ :( مانگی ڕەمەزان (ئەو مانگەیە) کە قورئانی تیا هاتۆتە خوارەوە، ڕێنموویی بەخشە بە خەڵکی و بەڵگەی زۆری ت ێدایە، دەبێتە ڕێنموویی بۆ جیاکر دنەوەی ڕاست و ناڕاست و حەقە وناحەق ).

**ئەم قورئانە جوانترین و پیرۆزترین فەرمایشتە**

﴿اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَاباً مُّتَشَابِهاً مَّثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِى بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَن يُضْلِلْ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ﴾ [سورەتی الزمر: ئایەتی23]

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ: ( خوا جوانترین و پیرۆزترین فەرمایشتی ناردۆتە خوارەوە (کە ئەم قورئانەیە)، هەندێ ئایەت وبابەتی لەیەک دەچێت، هەندێک باسیشی (بە شێوەی جیاواز) تیا دووبارە بۆتەوە، بە (گیان) و پێستی ئەو کەسانەدا

که ترسی پەروەردگاریان (لە دڵ و دەروونندا) هەیە ، لەوەودوا (گیان) وپێست و دڵیان نەرم و ئامادە و چالاک دەبێت بۆ یادی خوا و (خواپەرستی ) ئا ئەوە هید ایەت و ڕێنموونی خوایە ، کە (هەر کەس شایستە بێت ) هید ایەت و ڕێنمونی دەکات ( بۆ ئەو پلە و پایە بەرزانە )، ئەوەش کە ڕێبازی خوا ون بکات کەس نیە ڕێنموونی بکات).

**پەیام و نێراو و کتێبێکی بە نرخ و ناوازەیە:**

﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا بِالذِّكْرِ لَمَّا جَاءهُمْ وَإِنَّهُ لَكِتَابٌ عَزِيزٌ{41} لَا يَأْتِيهِ الْبَاطِلُ مِن بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِ تَنزِيلٌ مِّنْ حَكِيمٍ حَمِيدٍ ﴾ [سورەتی الفصلت : ئایەتی42.41]

خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ( ئەوانە کە بڕوایان بە و قورئانەی کە نێردراوە بۆیان نیە ( لە کاتێکدا ) ئەو قورئانە کتێبێکی زۆر بە نرخ و ناوازەیە ی هیچ نا حەقی و نادروستی و ناتەواوییەکی تیا بەدەی ناکرێت لە هیچ ڕوویەکەوە (نە لە ڕووی ئیمانیی، نە لە ڕووی زانیستیی، مێژوویی، جوگرافی .. هتد ) ڕەوانەکراوو نێردراوەی زاتێکە کە خاوەنی حیکمەت و داناییە و شایانی سوپاس وستایشە).

**ئەم قورئانە پڕ لە دانایی یە:**

﴿الر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْحَكِيمِ﴾[سورەتی یونس : ئایەتی1]

خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: ( ال ر: تەنها لە زانیاری خوای گەورەیە ( ئەم ئایەتانەی لەم سورەتەدان بەشێکە لە قورئانی پڕ دانایی).

**ئەم قورئانە جیاکەرەوەی حەق وناحەقە وە ئاگادارکەرەوەیە:**

﴿تَبَارَكَ الَّذِي نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا﴾[سورەتی الفرقان : ئایەتی1] خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ: ( بەرزو پیرۆز و پاک و بڵندە ئەو زاتەی کە جیاکەرەوەی (حەق لە ناحەق ، واتە قورئانی ) دابەزاندوە بۆ سەر بەندەی خۆی (محمد ) تا ببێتە هوشیار کەرەوە و بێدارکەرەوەی هەموو جیهان (تا ڕاستیەکان ڕوون و ئاشکرا بن).

**قورئان فەرموودەیەکی ئاشکراو ڕوونە:**

﴿طس تِلْكَ آيَاتُ الْقُرْآنِ وَكِتَابٍ مُبِينٍ﴾[سورەتی النمل: ئایەتی1]

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ: (طس تەنها واتاکەی خوا دەیزانێ ئا ئەم ( قورئانەی کە ڕەوانەکراوە ) ئایەتەکانی لە کتێبێکی (پیرۆز و بە نرخدایە ) وە قورئانێکی ئاشکراو ڕوونە).

**ئەم قورئانە کتێبێکی موبارەک و ڕاستی یەکان دەسەلمێنێت:**

﴿وَهَـذَا كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ مُبَارَكٌ مُّصَدِّقُ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَلِتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَى وَمَنْ حَوْلَهَا وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَهُمْ عَلَى صَلاَتِهِمْ يُحَافِظُونَ﴾ [سورەتی الڕنعام : ئایەتی92]

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ: ( ئەم (قورئانە) کتێبێکی پیرۆزە، دامانبەزاندوە، ڕاستی کتێبەکانی پێشوو دەسەلمێنێت (بە تایبەت تەورات و ئینجیل، کە ئەوانیش لە لایەن خواوە ڕەوانە کراون ) تا شارە دێرینەکەو هەموو دەوروبەری داچڵەکێنێت و (بانگیان بکات بۆ ئیسلام، کە دانیشتوانی هەموو گوێ زەوی دەگرێتەوە ) جا ئەوانەی باوەڕیان بە قیامەت هەیە، بڕوایان بە قورئانیش هەیە، وە لەسەر نوێژەکانیان بەردەوامن و هەمیشە لەکاتی خۆی دا ئەنجامی دەدەن).

**ئەوەی ئەم قورئانە دەخوێنێت هەرگیز نا ئومێدی و زەرەرەومەندی توش نایەت:**

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرّاً وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَارَةً لَّن تَبُورَ﴾ [سورەتی فاطر: ئایەتی29]

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ: ( بەڕاستی ئەوانەی کە پەیامی خوا (قورئان) دەور دەکەنەوە و نوێژەکانیان بە چاکیی ئەنجام

دەدەن، وە لەو ڕزق و ڕۆزی و سامانە جۆراوجۆرانەی کە پێمان بەخشیون، دەبەخشن، بە نهێنی و بە ئاشکرا ... (کە بەخشینی زانستی و یارمەتی خەڵکی بە جەستەش دەگرێتەوە ) بە نهێنی ( بۆ ئەوەی ریا و ڕووپامایی تێکەڵ نەبێت ) ، بە ئاشکراش ( بۆ هاندانی خەڵی ئەوانە بە ئومێدی بازرگانییەک ئەو کار ە دەکەن کە هەرگیز نا ئومێد و زەرەرەومەند نابن).

**دەستگرتوان بە کتێبی خوا پاداشتیان وونەبووە:**

﴿وَالَّذِينَ يُمَسَّكُونَ بِالْكِتَابِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ إِنَّا لاَ نُضِيعُ أَجْرَ الْمُصْلِحِينَ﴾[سورەتی الأعراف : ئایەتی 170]

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ: ( بەڵام ئەوانەی کە پابەندی تەوراتن ( کە هانیان دەدا بۆ باوەڕ هێنان بە محمد(صلی الله علیه وسلم) ) وە نوێژەکانیان بە چاکیی ئەنجام دەدەن ، بێگومان ئێمە پاداشتی چاک ویستان و چاکەکاران بەزایە نادەین).

**زانست و زانیاری و فەرمایشتی خوا لە نەبڕانەوە دایە :**

﴿قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَاداً لِّكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا﴾ [سورەتی الکهف: ئایەتی 109]

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێ: ( پێیان بڵێ: ئەگەر دەریا ببنە مرەکەب و زانست و زانیاری پەروەردگارمی پێ بنوسرێت ، دەریا تەواو دەبێت پێش ئەوەی عیلم و زانستی پەروەردگارم تەواو بێ، ئەگەر چەند ەها ئەوەندەی تر دەریاش بێنن و بیکەنە (مەرەکەب، چونکە زانیستی و زانیاری پەروەردگار کۆتای نیە و بێ سنووره ).

**ئەم قورئانە ئاسان کراوە بۆ یادخستنەوە بە بیر هاتنەوە:**

﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾[سورەتی القمر: ئایەتی 17]

خوای پەروەردگار دەفەرمووێ :(بێ گومان ئێمە قورئانمان ئاسانکردووە (بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و )یاداوەری وەرگرتن، ئایا کەسێ هەیە کە دەرکی حقیقەت و ڕاستی بکات؟ ).

**هیچ پێنوس و تیانوسێ دەرەقەتی نووسی نەوە زانست و زانیاری خوای گەورە نایەن:**

﴿وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِن شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِن بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ [سورەتی لقمان: ئایەتی 27]

خوای پەروەردگار دەفەرمووێ :(ئەگەر هەرچی درەختەکانی سەر زەوی هەیە ببنە پێنووس، دەریاش چەندەیە ببێتە حەوت ئەوەندە و (ببێتە مرەکەب و زانستی و نهێنی دروستکراوەکانی

خوا بنووسنەوە، قە لّەمەکان کول دەبن و تەواو دەبن مرەکەبەکەش تەواو دەبێت و چۆڕایی دێ بەڵام )، فەرموودە و زانستی و زانیاری خوا هەر تەواو نابێت، بەڕاستی خوای گەورە زۆر بە دەسەڵاتە و زۆریش دانایە).

## ئەم قورئانە ڕێگا نیشاندەریشە بۆ ئەهلی کتێب:

﴿لَيْسُواْ سَوَاء مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَآئِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللّهِ آنَاء اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ﴾ [سورەتی ال عمران: ئایەتی 113]

خوای پەروەردگار دەفەرمووێ :((گاورو جوو)* هەموویان یەکسان و چوونیەک نین، بەڵکو لە خاوەنانی کتێب دەستەیەکی ئیماندار هەیە، کە ئایەتەکانی خوا لە ناخی شەوگاردا دەور دەکەنەوە و نوێژ دەکەن و سوژدە دەبەن و (موسڵمانن بە هەموو واتایەک).

## ئەم قورئانە بەڵگەیە ڕوناکەرەوەیەکی ئاشکرایە:

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءكُم بُرْهَانٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَأَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُوراً مُّبِيناً﴾[سورەتی النساء : ئایەتی 174]

خوای پەروەردگار دەفەرمووێ :(ئەی خەڵکینە بەڕاستی لەلایەن پەروەردگارتانەوە بەڵگە و نیشانەی ئاشکراتان بۆ

هاتووه (كه محمد پێغەمبەره (صلى الله عليه وسلم))و نوورو ڕووناكی یەكی ئاشكراشمان بۆ دابەزاندوون (كه قورئانه).

**ئەم قورئانە فەرموودەی خوای گەورەیە:**

﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلاَمَ اللّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَعْلَمُونَ﴾ [سورەتی التوبە : ئايەتی 6]

خوای پەروەردگار دەفەرمووێ: (خۆ ئەگەر كەسێك لە موشریكان پەنای بۆ هێنایت (ئەی پێغەمبەر، ئەی ئیماندار)، پەنای بدە هەتا گوێی لە فەرموودەكانی خوا - قورئان- دەبێت، ئەوجا ڕەوانەی بكە بۆ ئەو شوێنەی دەیەوێت و تیایدا ئەمین دەبێت (لە ماڵ و گیان و ژیانی). چونكە ئەوانە كەسانێكی نەزانن (هەتا تێدەگەن).